# تورکیا بەچ باجێک مامەڵە لەگەل دەسەڵاتی کوردی دەکات!!؟

**قادر نادر**

ئەوەی بەوردی ئاخافتن و دیدارەکانی دوو هەفتەی ڕابردو لە نێوان دەسەڵاتی کوردی ، تورکیا ، ئەمەریکا چاودێری کردبێت ، هەست بەوە دەکات کە گۆڕانێک لەنێوانیاندا ڕویداوە ؟ هەربۆیە ئەو زمانە هەڕەشەیەی کە تادوێنی ئەردوغان و گول ، لەبەرامبەر بەناو سنور بەزاندنی کوردستان و لێدانی پکک و دژایەتی مادەی 140 و گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی هەرێم ، ئیمڕۆ بەشێوەیەکی کەمتر ونەرمتر تەنیا لەسەر زمانی جەنەڕاڵەکانی تورک گوێ بیست دەبین !!؟؟ ئەمە جگەلەوەی نەرەخنەی حکومەتی تورکی ماوە لەبەرامبەر ئەمەریکا کە بۆچ بواریان نادات هێرش بکەنە سەر قەندیل و گەریلاکانی پکک ؟؟ نە دەسە ڵاتی کوردیش لە تێڕوانینی سیاسیەکانی تورکیا لە 2 هێزی خێڵەوە ئێستا پێناسە دەکرێت !!؟؟ بەڵکو لەشەوو ڕۆژەکی سەردانی ئەردۆگاندا بۆوڵاتی کۆپی لەتورکیا تورکمانستان ..هەموی بووە بە ئاشتەوایی نێوان ئەو بەرپرسانەی کە بۆماوەی چەند ساڵێکە زمانی هەرەشەو توندوتیژی زاڵ ببوو لەنێوانیاندا ، کە ئێستا زمانی ئاشتەوایی و هاوکاری و ڕێزگرتن لەیەکتر شوێنی گرتۆتەوە !! تۆ بڵێی ئەم حیکمەتە لە چیەوە بۆ ئەردۆگان هاتبێت ، کەلەتورکمانستانەوەبگەڕێتەوە بۆ تورکیا ، زۆر بوێرانە بڵێت ئامادەین لەگەل بەرپرسانی کوردستانی باشوور دانیشتن بکەین!!؟؟ یان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە گشتیان لە گەل گفتۆگۆدابن لەگەل دەسەلاتی کوردی؟؟

لە جیهانی سیاسیدا مامەڵەکان لەسەر بەرژەوەندیە، تۆبڵێی ئەو بەرژەوەندیەی سیاسیەکانی تورکیا چیە ، کەوا لە ئەردوگان و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیان دەکات ، لەماوەی شەو و ڕۆژێکا180 پلە بگۆڕێت؟؟ . وڵاتەکی وەک تورکیا بەهەموو باڵەکانیانەوە تائێستا تەنیا بەوشەی کوردستان هەڵدەچن و وڵات بەوڵات دەگەڕێن ، هەر دەزگایەک ناوی کوردستان و نەخشەکەی بڵاو کردبێتەوە فشاری هەمەجۆری بۆ دەبەن ، وە ئامادەش نین دوای ئەو هەموو فشارەی ئەوڕپا و جیهان لەبواری پڕاکتیزەدا دان بە زمانی کوردی دابنێن؟؟ ئەی چۆن ئێستا دێن لەگەل دەسەلاتی کوردی دانیشتن دەکەن و ماوەیەکیشە دەنگ و ڕەخنەیان نابیستین کە دژ بە مادەی 140 !؟؟ وە خودی ئەمەریکاش زۆر بەڕاشکاوی چەندین جارە لەبەرامبەر هەستیارترین مەسەلە لە عێراقدا کە کەرکوکە لەبەرژەوەندی کورد ئاخافتن دەدات کە دەبێت مادەی 140جێ بەجێ بکرێت؟

تۆ بڵێی ئەو هەموو گۆرانکاریانە بەچ باجێک بێت بۆ ئێمەی کورد!! کە چ ئەمەریکا یان دوژمنە بەردەوامە پلە یەکەکمان تورکیا ئاوا بەڕاشکاوی گۆرانێک لە سیاسەتیان رودەدات!!؟؟.

لەماوەی 50 ساڵی رابردودا پارتە سیاسیەکانی باشوور، بەتایبەتی پارتی ویەکێتی کە بە ئاستی جیاجیا ، زۆر جار لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان سڵیان لە هاریکاری کردنی داگیرکەران ، دژ بە جوڵانەوەی بەشەکانی تر نەکردۆتەوە ، کە ئەمەش پێچەوانەی مامەڵەی جولانەوەی باشوورو باکورو ڕۆژئاوا بووە کە بە ردەوام لە پشت شۆڕش و دەستکەوتەکانی باشور بونە . تۆ بڵێی سەرلە نوێ هەمان سیاسەت پەیڕەو بکەن ، کە بوار بە تورکیا بدەن هێرش بکاتە سەر قەندیل و هاریکاریان بن؟؟ ، یان ئەو هەڵوێستەبوێرانە دوبارەدەکەنەوە کە لە گەرمەی هەوڵدان بۆ ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 دەسە ڵاتی کوردی پێ داگیریان کرد کە تورکیا بۆی نیە بێتە ناو خاکی کوردستانەوە ؟ وە توانیان بیکەنە ئەمری واقیع بەسەر ئەمەریکاشەوە ، کەلەسەرەنجامدا ساردی و زۆر کێشەیان لەنێوان ئەمەریکاو تورکیا دروست کرد . دڵنیام ئەگەر سەر لەنوێ هەمان هەڵوێست پەیرەو بکەن هەمان جەماوەر لە پشتیانەو هەمان سەرکەوتنیش بەسەر تورکیا تۆمار دەکەن ، خودی ئەمەریکاش لەدوا

ئاكامدا گۆێ رایەڵیان دەبێت ، ئاخر ئەمەریکا کێشەی کەم نیە تا کوردیش لە ناوچەکە بەتەواوی لە خۆی بتۆرێنێ ؟

هەر بۆیە دەسەلاتی کوردی لەبەرامبەر هەلویستێکی مێژوویدایە کەئایا کام ڕێگا هەڵدەبژێرێت ، ڕێگایەکی کە بۆ مێژوو هەلویستێکی نەتەوایانە تۆمار بکەن ، یان ئەوەتا لەکەیەکی ڕەشی تر بۆ خۆیان تۆماردەکەن و گورزێکی تر لە کەڕامەتی نەتەوەیمان بۆ بەرژەوەندیەکانیان دەدەن !!؟

ئەگەر بە پێی ئاخافتنەکانی دوایین کۆنگرە ڕۆژنامەگەریەکەی تاڵەبانی و بارزانی بێت لە دوکان و وە هەندێ ئاخافتنی سەرۆکی کوردستان بێت ئەوا سەرەتایەکی باشە لە سیاسەتێکی دروست .